# خواستی فەرمانبەران لەنێوان زیادکردنی موچەو دابەزاندنی نرخی کاڵاکاندا

ڕاپۆرت: ستیڤان شەمزینانی
Shamzini 79@hotmail.com




فەرمانبەران وەك توێژێکی زیندوو بڕبڕەپشتی حکومەت و ئیدارەن لەهەر وڵاتێکدا، بەڵام لەکوردستاندا ئەم توێژە بەدەست کەمدەرامەتی و سەختی ژیانەوە دەناڵێنن، بەڕاددەیەك فەرمانبەران زیاد لەهەر شتێکی تر گوێ قوڵاخی هەواڵی موچەزیادکردنن چونکە ئەو بڕە موچەیەی کە حاڵی حازر وەریدەگرن بە بەراورد لەگەڵ ئەو گرانییەی لەبازاڕەکاندا هەیە بڕێکی کەمەو ناتوانێ سەرجەم بۆشاییەکانی ژیانیان پڕبکاتەوە و ئەمەش ناچاریکردوون لەدەرەوەی وەزیفەکانیان کاری سەربەخۆ بکەن بۆ زیاتر بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوییان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خواستی فەرمانبەران زیادکردنی موچە نییە بەڵکو دابەزاندنی نرخی کاڵاکان و سنوور دانانە بۆ بێ سەرەو بەرەیی بازاڕەکان.

(ئاڤێستا عوسمان) وتی: موچەزیادکردن چارەسەر نییە، چونکە چەند ساڵە هەر موچە زیاد دەکرێت و بازاڕ لەگەڵیدا دووقات گرانتر دەبێت، من وەك خۆم پێمخۆشە موچەیەکی زۆر زۆر وەرنەگرم بەڵام ئەو پارەیەی وەریدەگرم بەهای هەبێت نەك وەك کاغەزی چلورە وابێت، تۆ ئەگەر ڕەزیلی نەکەیت و دەستی پێوەنەگریت لەپانزەی مانگ بەدواوە دەکەویتە ژێر قەرزەوە، بەڵام بەداخەوە تاوەکو ئێستا لەلایەن بەرپرسانەوە بەوردیی بیر لەم کێشەیە نەکراوەتەوە.

ڕزگار سەعید-دەڵێت: یەکەمجار کە موچە وردە وردە زیادکرا وامانزانی ئیتر باروگوزەرانی فەرمانبەر باشتر دەبێت و ڕزگارمان دەبێت لەو کولەمەرگییەی جاران تیایدا دەژیاین.

بەڵام دوایی بۆمان دەرکەوت قەناعەتەکەمان هەڵەبوو، چونکە چەند موچە زیادی کرد دوو ئەوەندە گرانی دروست دەکرد، ئەگەر ئێستا جارێکی تر موچەمان بۆ زیاد بکەنەوە هەر چارەسەر نییە، پێویستە بیر لەوە بکرێتەوە کێشەکە بەوە چارەسەر بکرێت باڵانس لە نێوان دەخلی تاکە کەس و نرخی بازاڕەکاندا ڕابگیرێت، ئەگەرنا لەم بەینەدا فەرمانبەری داماو دەبێت بەبزنەکەی هەیاس و ڕۆژێك پڕو دوو ڕۆژ قڕ.

شێرکۆ سابیر- بێ ئومێدە لەوەی حکومەت چارەسەر بۆ کێشەی فەرمانبەران بدۆزێتەوە و لەهەمان کاتدا بیروبۆچوونی وایە دەبێت موچەی ئێستای فەرمانبەران زیاد بکرێت و نرخی کاڵاکانیش کەمبکرێتەوە و وتی: پێویستە لەسەر لایەنی دەسەڵات و پەرلەمان و دامو دەزگاکانی تر موچەی فەرمانبەران بەپێی بارودۆخەکان زیاد بکەن، موچەی ئەمرۆی فەرمانبەران زۆر کەمەو ئاسایی نییە، لەهەنگاوی یەکەمدا دەبێت موچەزیاد بکرێت بۆ ئاستی ئاسایی و سروشتی خۆی، دواتر پلانێك دابڕێژرێت بۆ کۆنترۆڵی بازاڕەکان و نرخ لەسەر هەموو کاڵایەك دابنرێت تا میزاج کارێك نەکات گرانی ببێتە مۆدیل و ژیانی خەڵکانی پێ بستووتێنرێت وەك ئەوەی ئەمرۆ.

ئاڤان قادر-وتی: ئەگەر حکومەت سیعری لە بازاڕەکاندا داشکاند عەرەب وتەنی ئەوە (نور علی النور) بەلاَم ئەگەر هەروا بەرەڵلاَیی بکات و هەقی نەبێت بەسەریەوە ئێمەش زیان بەخۆمان ناگەیەنین و دەمانەوێت پێ بەپێ لەگەڵ ئاستی ئابوریی و نرخی بازاڕدا موچەکانمان بۆ زیاد بکرێت، بەس باوەڕناکەم تازە بتوانن بەسەر بازاڕەکاندا زاڵبن بۆیە هەرواش باشترە بەردەوام موچە زیاد بکرێت.

کاروان فاتیح – وتی: بەراستی زۆر پێویستە موچەی ئێمە زیاد بکرێت بۆچی سەد هەزار کەس تەعین کراون لەماڵەکانی خۆیاندا دانیشتوون و وەك ئێمە کە رۆژانە دەوام دەکەین موچە وەردەگرن؟ من ناڵێم موچەی ئەو کەسانە ببڕن چونکە زۆربەیان پێویستییان پێیەتی بەلاَم بابڕێك لەوەی ئەوان ببڕن و حکومەتیش خۆی شتێکی تری بخاتە سەرو بیدات بەو فەرمانبەرانەی کە لە کەرتی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاریی بێ درێغی کردن بەشەوو رۆژ کاردەکەن، بەتایبەتی بۆ هەندێ فەرمانگە کە ئێشکگرتنی شەوانەشی هەیە، ناکرێت و لەدنیاشدا شتی وا نەبووە دووکەس دووکاری جیا بکەن و یەکێك بەنیوەی ئەویتر ماندووبێت بەلاَم لەکاتی موچە وەرگرتندا مافەکانیان یەکسان بێت.

سازان عەبدولڕەزاق- نیگەرانە لەموچەکەی خۆی و باس لەوەدەکات نیوەی کرێ خانوەکەیەتی و ئەمەش بەڵگەیە بۆ ناعەدالەتی لەسیستەمی موچەوەرگرتندا، لە بەشێکی قسەکانیدا سازان وتی: فەرمانبەر هەر هەمووی لەناوەڕاستی مانگەوە لەسەر ویل دەڕوات و دەبێت هەرچی کرێ بەقەرزی سەری مانگ بیکرێت، ئەگەر خوانەخواستە تووشی نەخۆشییەك بوویت و پێویست بەدوو سەد دۆلار بوو دەبێت قەرزی بکەیت ئەگینا دەبێت بمریت، بەداخەوە وەزیرو بەڕێوەبەرە گشتییەکان موچەکانی فەرمانبەران لەبەرچاو ناگرن کە چەند کەمەو بەشی هیچ ناکات، من داواکارم موچەکانمان بۆ زیاد بکرێت و بازاڕیش پەیوەندیی بەموچەوە نییە دەبێت لیژنەیەکی تایبەتی لە پارێزگاوە بۆ دورست بکرێت تا یاریی بەنرخ نەکرێت و هەرکەسەو بەهەوەس و ئارەزووی خۆی نرخ بەرز نەکاتەوە.

⋆دواتر بۆ زیاتر تیشك خستنە سەر کەمیی موچەو بەرزبوونەوەی نرخی کالاَکان لەبازاڕداو شێوەو میکانیزمی چارەسەرکردنی ئەو حاڵەتە، مامۆستا (نەرمین حەبیب) هەڵگری بڕوانامەی ماستەرو خوێندکاری دکتۆرا لە ئابورییدا وتی: لەبنەڕەتەوە سیستەمی دامەزراندنی فەرمانبەر بەهەڵە رۆیشتووە، لەکوردستاندا پێویستیمان بەو هەموو موچەخۆرە نەبووە و نییە بەڵکو چارەگی ئەو رێژەیە بەسە بۆئەوەی بەباشترین فۆرم کاروباری ئیدارە بێ رۆتین و بیرۆکراتییەت بەڕێوەبڕوات، ئەم هەموو موچەخۆرە کاریگەریی خراپی داناوە و بووەتە هۆی سست کردنی جوڵەی بەرهەمهێنان، ئەمەش گەلی کوردی گۆڕیوە بۆ گەلێکی بەکاربەر نەك بەرهەمهێن، بۆیە بەبڕوای من هەڵەکە لەم سەرچاوەیەوە دروست بووە.

لەپاشاندا دەربارەی موچە وتی: بەهەمان شێوە سیستەمی موچە لەبونیادەوە کەموکورتی زۆری تێدایە، لەولاَتانی گەشەکردوودا



یان ڕاستتر بوترێ لەولاَتانی پیشەسازیی و سەرمایەداریدا فەرمانبەر بە موچەیەکی دیاریکراو تەعین دەکرێت، بەلاَم لەهەمان کاتدا بڕێکی تری بۆ دیاری دەکرێت کە بەکەفائەتی خۆی بەدەستیبهێنێت، ئەمەش کێبەرکێ و پێشکەوتن دروست دەکات، بۆیە سیستەمی ئیداریی ئەو ولاَتانە رۆژ لەدوای رۆژ بەرەو پێشکەوتن و گەشەکردن دەڕوات.

لەدواجاردا دەربارەی بالاَنس ڕاگرتن لەنێوان موچەو نرخی کالاَکانی بازاڕدا، مامۆستا نەرمین-وتی: دەبێت سیستەمی موچە ڕەنگدانەوەی بارودۆخی باری ئابوریی کۆمەڵگە بێت، بۆیە پێشنیار دەکەم لیژنەیەك دروست بێت بۆ بەدواداچوونی ئەو کێشەیە لەنوێنەرانی پەرلەمان و حکومەت و پسپۆران بۆ دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاو بۆئەوەی سیستەمی موچە ببێتە سیستەمێکی رێکوپێك و دادپەروەر.

Dengekan